وەزارەتی دارایی هەرێم: سبەی پشوی بانکییەو دەرگای بانکەکان بەڕوی هاوڵاتیاندا دادەخرێت



وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم، لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت، ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان دەکەین، سبەی یەکشەممە، پشوی بانکییە لە سەرجەم بانکە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکانی وەزارەتەکەیان.

ئاماژە بەوەشدەدات، سبەی دەرگای بانکەکان بەڕوی هاوڵاتیاندا دادەخرێن، جگە لە سودمەندبوونی پێژەی هەژماری من کە دەتوانن سەردانی بانکەکان بکەن بۆ وەرگرتنی کارتی بانکییان، هەروەها فەرمانبەران دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن بۆ مەبەستی تەکخستنی هاوسەنگی کۆتایی ساڵی دارایی 2025.